## پەلاماری پۆلیس بۆ سەر پەنابەرانی مانگرتوو (نــۆرویژ)

باقی تالبۆلئیلم/ ئۆسلۆ- 16 ی مانگی یونی 2006 ی زایینی

گەرمای هاوین لە شاری ئۆسلۆ ماوەیەکە دەستی پێ کردوە و هـەمـوو هـەواڵنێریـەکانی باسـی گـەردشـی نـاو سروشت و قـەراخـی دەریا و سـەیرانی بـەهـەشـتی سـەرسـەوزی نۆرویژ دەکەن، بەڵام لە گۆشەیەکی دیکە لـەم شـارە 110 پـەنابـەری ئـەفغانی مـاوەی 3 حـەوتوویـە دەسـتیان کـردوە بـە مـانگرتنی ووشـک. دەوڵـەت بڕیـاری داوە 6000 هـەزار پـەنابـەری ئـەفغانی کـە هـەتـا ئێسـتا وڵامـی ڕەفزیـان وەرگرتـووە، بـە زۆرەملـی ڕەوانـەی ئەفغانستان بکاتەوە.

بـەرەبـەیـانی کـاتژمێر 5 ی بـەیـانی ڕێکـەوتـی 16 ی یـونی 2006 پـەنابـەران بـە دەنگی دەیـان پـۆلیس وەخـەبـەر هـاتن، پۆلیسـی پـەلامـاری بـردە سـەر پـەنابـەرانی مـانگرتووی ئـەفغانی کـە لـە 4 خێـوەت لـە دەرەوەی کلیسـای نـاوەنـدی شـاری ئۆسـلۆ ژیـان بـەسـەر دەبـەن و هـەموویـانی بـە زۆر لـەم شـوێنە دوور کـردەوە و دەسـتی بـە سـەر خێـوەت و کەلوپەلەکانیان داگرت. 3 سـەعـات پـاش ئـەم ڕووداوە پـەنابـەران وردە وردە بـۆ شـوێنی خۆیان گەڕانەوە و درێژەیان بە مانگرتنی خۆیان دا. پۆلیس گـۆیـا لـەم قۆنـاخـە مـەبـەسـتی تەنیا چاوترسێن کردنی ئەم پەنابەرانە بوو و کـەسـی زینـدانی نـەکـرد، ئـەم پـەنابـەرانـە مـاوەی 20 ڕۆژە لـە حـاڵی مـانگرتنی ووشـکدان، پـۆلیس بـەڵێنی داوە هـەتـا کۆتـایی ئـەم مانگە هـەموویـان دیپۆرت بکاتـەوەوە. ئاغـای "ڕوار هانسـن" بـەرپرسـی زانیـاری پۆلیس-بەشی دەرەوەی وڵاتـی نۆرویژ ووتـی:- "ئـەم پـەنابـەرانـە هـەتـا دوو حـەوتـوو هـەموویان بەڕێ دەکرێنەوە، تەنانەت ئەو کەسانەی لە حاڵی مانگرتن دان".

شایانی باسە 6000 هەزار پەنابـەری ئـەفغانی وڵامـی ڕەفـزی وەرگرتـوو، 2000 هـەزار کەس دیپۆرتی بۆ دەرچووە، ناوی 400 کەس لەمانە لە لیستەی دیپۆرتی دەسـت بـەجێ دایە. سـاڵی ڕابـردوو و ئـەم سـاڵ بـەشـێک لـە پـەنابـەرانی ئـەفغانی دیپۆرتی ئـەفغانسـتان کرانەوە و دەیان هەوێ لە سەر ئەم گەلاڵەی خۆیان بەردەوام بن.

ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕایگەیاندووە کە بەشـێک لـە ئـەفغانسـتان ئـەمنیـەتی لـێ دابین کراوە و پەنابەرانی ئەم بەشانە دەکرێ بۆ وڵاتـەکـەی خۆیان بگـەڕێنـەوە. دەوڵـەتی نۆرویژ و بـەشـێک لـە وڵاتـانی ئـوروپـایی پـەیمـان نـامـەیـەکیان لـە گـەڵ دەوڵـەتی ئاغـای "کرزی" بۆ دیپۆرتکردنەوەی پەنابەرانی ئەفغانی ئیمزا کردوە.

دەوڵەتی نۆرویژ هـەتـا ئێسـتا حـازر نـەبـووە هیـچ کـام لـە داخوازیـەکانی ئـەم پـەنابـەرانـە جێبـەجێ بکـا و لـە حـاسـتی داخـوازیـەکانی پـەنابـەرانی مـانگرتـوو کۆتـا بێـت. چـەنـد ڕۆژ لـەمـەوبـەر نوێنـەرانێـک لـە دەوڵـەت (وەزارەتـی پـەنابـەری و کـاروبـاری کۆمـەڵایـەتـی)، ڕێکخـراوی یـارمـەتـی پـەنابـەری، نوێنـەرانـی ڕێکخـراوی نـەتـەوەیـەکگرتـووەکـان و ئـاغـای

PDF created with FinePrint pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

"توروالـد سـتۆلتەنبـەرگ" سیاسـەتـوانی ناسـراوی نـۆرویژ و پریزیـدێنتی ڕێکخـراوی نۆرویژی خاچی سوور، ووتویژێکیان لە گەڵ نوێنەرانی مـانگرتووەکان بەڕێوە برد، بێ ئەوەی ئەم نوێنەرانە گوێ بدەن بە داخوازی و سکاڵای پەنابەران، ئـەم ووتـویژە پێش ئـەوەی بە سـەرئـەنجامێک بگات، لـە لایان نوێنـەرانی پەنابـەرانی مـانگرتوو کۆتـایی پێ هات، لـە بـەر ئـەوەی نوێنـەرانی دەوڵـەت خوازیاری کۆتـایی هێنان بـە مـانگرتن بێ هـیچ بەڵێن و مەرجێک بوون.

ڕێکەوتی 16 ی یونی، خۆپیشـاندانێکی جـەماوەری لـە شـوێنی مـانگرتن بۆ پشـتگیری لـە داخوازیـەکانی ئەم پەنابەرانە بەڕێوە چوو. بە پێێ هـەواڵـەکان، چاوەڕوانی هێرشـی دووبارە و سامناکی پۆلیس بۆ ئەم پەنابەرانە دەکرێ، هـەر ئێسـتا کۆمـەڵێک لـە لاوەکان، بەتایبەت لاوانی ڕێکخراوی دژی ڕەگەزپەرەستی SOS-Rasisme مـەترێزێکیان پێک هێناوە بۆ بەرگری لە هێرشی پۆلیس و دیپۆرتی ئـەم پەنابـەرانە. هـەروەها بـە درێژایی پارچەیەکی 20 میتری ئیمزا بۆ پشتگیری لەم پەنابەرانە کۆکراوەتەوە.

**بەشـی پەنابری مەڵبەندی سکاندیناڤـی نـۆرویژ باقـی تالبالعلم**

PDF created with FinePrint pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com